وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای هەولێر
ب.گرێبەستە گشتییەکان

وزارة الداخلية
محافظة أربيل
مديرية العقود العامة

پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
دەرچوو
ژمارە :
بەروار :
٢٠١ / /

ژمارە: ٤٦

/ ٧ / ٢ /٢٠٢١ زاینی

## ئـــاگـــاداری

## ب/ کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە ( ٦ ) بۆ جاری دووەم

پارێزگای هەولێر / بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان / کەم کردنەوەی نهێنی ڕادەگەیێنێت بۆ پرۆژەی (دابین کردنی ئۆکسجینی شل بۆ نەخۆشخانەکانی ڕزگاری ، ڕاپەڕینی فێرکاری ، فریاکەوتنی ڕۆژئاوا ،ئاشتی لە سۆران ،لەدایك بوون و منداڵان ، سەنتەری چارەسەری کۆرۆنا لە سۆران ،هەولێری فێرکاری بەشی چاودێری چڕ ) کە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر ) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەلێندەرو کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریمان بدەن بە مەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەلێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بە مەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لە ناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەلێندەر یا کۆمپانیا لەسەری نوسرا بێت و پێش کەش بە سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لە دیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێری خۆجێیەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر(١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی (یەك شەممە) ڕێکەوتی ٧/ ٢ / ٢٠٢١دەبێت . وە مەرج نیە فەرمانگەکەمان بە نزمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت ، وە کرێی بڵاو کردنەوەی ڕاگەیاندن دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

### مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:

- کۆمپانیا تایبەت بێت بە بەرهەمهێنانی ئۆکسجینی شل یان پێداویستی پزیشکی، یان هەر کۆمپانیایەکی تۆمار کراو لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماری کۆمپانیاکان، وە پشتگیری نوێ کردنەوەی هەبێت .
- بارمتەی سەرەتایی بە بڕی (٤٧,٠٠٠,٠٠٠) چل و حەفت ملیۆن دینار بە شێوەی ( خطاب ضمان ) یان چەکی پەسەند کراو لە یەکێك لە بانکەکانی هەرێم .
- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەتی نوێ کراوە بێت بۆ ساڵی ٢٠٢١ .
- کاتی بەسەر چوونی تەندەر (٩٠) ڕۆژ لە بەرواری پێکەشکردنی تەندەر.
- بەڵێندەر دەتوانێت زانیاری زیاتر بە دەست بێنێت پێش کڕینی تەندەر بەسەردانی کردنی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەگشتیەکان لە دیوانی پارێزگای هەولێر.
- فرۆشتنی تەندەر (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە ،وە ڕۆژانە لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی تاکو (١)دوای نیوەڕۆ دەبێت .
- هیچ تەندەرێك وەرناگیرێتەوە لە دوای کات و ڕۆژی دیاریکراو لە سەرەوە .
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا لەگەڵ خۆی بێنێت وە بەناوی خۆی بێت ، ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت .

هێمن قادر
ل / پارێزگاری هەولێر
٢٠٢١/٢/

وێنەیەك بۆ :-

- ✓ وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر / لەگەڵ ڕێزمان...
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر / لەگەڵ ڕێزمان...
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی تەندەرەکان
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان.

بۆ جێ بەجێ کردن و کاری پێویست......

- ✓ بەڕێوەبەرایەتی (I.T)
- ✓ ڕۆژنامەی خەبات / تکایە ئاگاداریەکە بلاو بکرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەڵ ڕێزمان ......
- ✓ ڕۆژنامەی هەولێر / تکایە ئاگاداریەکە بلاو بکرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەڵ ڕێزمان......
- ✓ بەکیەتی بەلێندەرانی کوردستان/ لقی هەولێر بۆ ئاگاداریتان .